زنجیرە کتێبی
خەونە گەورەکانی منداڵان

# ئاگاسا کریستی

# ئاگاسا کریستی

نووسەر: ماریا ئیزابیل - سانچیز فیگارا
وێنەکان: ئەلیزا مونسو
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: نەرمین عوسمان
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
نۆبەتی چاپ: 2022
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 3000 دینار
چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لە بەڕێوەبەریتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (١٨٩٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (39)

**ماریا ئیزابیل – سانچیز فیگارا**

# ئاگاسا کریستی

**وێنەکان: ئەلیزا مونسو**

**لە عەرەبییەوە: نەرمین عوسمان**

2022

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

## ئینستتیوتی نارین

ئینســتتیوتێکی کوردســتانیی، قازانجنەویســتە. کاری ســەرەکی؛ ئەنجامدانــی توێژینــەوە و بەدواداچوونــی پرســە هەنووکەیــی و نیشتمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان، ســازکردنی کۆڕ، ســمینار و کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی 2013 لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.




ئاگاسا کریستی کچێکی بچووک بوو ، ئارەزووی خوێندنەوە و نووسینی هەبوو. دایکی هەموو ڕۆژێک چیرۆکی بۆ دەگێڕایەوە، ئاگاسا هەموو جارێک خەیاڵی کۆتاییەکی باشتری بۆ چیرۆکەکە دەکرد.






ئاگاسا لە ئێوارەوە بەردەوام دەبوو لە
خوێندنەوە تا کاتی نووستن، چیرۆکە
پۆلیسییەکانی بەلاوە پەسەندتر بوو.


IV Sherlock Holmes





رۆژێک لە رۆژان، شــەڕ هەڵگیرسا، ئاگاسا بەناچاری
لە نەخۆشخانە وەک پەرستار کاری دەکرد.




**کارەکەی وەک پەرستار، خەیاڵدانی فراوانتر کرد. لەوێ زانیی کە هەندێک مادە هەن ژەهراوین و هەندێکی تریش کوشندەن.**









کاتێک شەڕ کۆتایی هات، ئاگاسا کەوتە نووسینی چیرۆکی پۆلیسی و هەموو چیرۆکەکان بە تاوانی کوشتنێکی ناڕوون دەستیان پێ دەکرد.


دەبێت کێ بتوانێت ئەو تاوانە قێزەونانە ئاشکرا بکات؟







بەدڵنیاییەوە لێکۆڵەر هیرکۆل بواروو، مەگەر کێ هەیە لەو زیاتر؟!


N°1



ئاگاســا ، لە ڕێگەی بوارووەوە بە جیهاندا گەشتی دەکرد؛ بە
خۆی و ئامێری چاپکردنەکەیەوە شاخەکان و دەریاکانی دەبڕی ،
خەڵک بوارووی لێکۆڵەریان خۆش ویســت ،
کــە یەک لە دوای یەک تاوانەکانی ئاشــکرا
دەکرد، هەروەها بە سەرســوڕمان و تاسەوە
چیرۆکەکانی ئاگاسایان دەخوێندەوە.





له ڕۆژهەڵات، ئاگاسا کەوتە سەر
مەتەڵێک کە بـــواروو نەیدەتوانی
بیدۆزێتەوە.



ئاگاسا کەسایەتی خاتوو ماربیلی دروست
کرد بۆ ئاشکراکردنی ئەو تاوانە!



خەڵک خاتوو ماربیلیان خۆش نەدەویست،
چونکە لە لێکۆڵەرێکی پۆلیسی نەدەچوو،
بەڵکوو لە نەنکێکی پیر دەچوو.





ئەوەندەی پێ نەچوو هەموو خەڵک خاتوو
ماربیلیشـــیان هێندەی بوارووی لێکۆڵەر
خۆش ویست.


LTD SHOE
REBUILDER
LTD SHOE

سـەبارەت بە شانۆگەرییەکانی ئاگاسـا، زیاتر بۆ سەرنج راکێشان و دڵخۆشکردنی بینەر بوو.








ئاگاسا زیاد لە 100 چیرۆکی نووسی، ئەوەندە قوربانیی دروست کردبوو کە گۆڕستانێکی تەواوی لێ پڕ دەکرا! هیچ رۆژێک ماندوو نەدەبوو لە بیرکردنەوە لە تاوانێکی تر!


Mrs Ratchett
1934
Colonel
Lucius
Protheroe
1930
Mr & Mrs
Rogers
1939

به لای ئاگاساوە؛ دەتوانرێت بە بەکارهێنانی خەیاڵ هەر مەتەڵێک ئاشکرا بکرێت.




Death in the Clouds
A murder is Announced
NEMESIS
DEATH COMES AS THE END
Crooked House
THE MAN IN THE BROWN SUIT
FIVE LITTLE PIGS
MURDER ON THE ORIENT EXPRESS
A Caribbean Mystery
Evil Under the Sun
AND THEN THERE WERE NONE
AFTER the FUNERAL
The murder at the Vicarage
The murder of Roger Ackroyd
4:50 from Paddington
THE MYSTERIOUS AFFAIR AT STYLES
The Secret Adversary
THE ABC MURDERS
CARDS ON THE TABLE
APPOINTMENT with DEATH

**هەرکەسەو خەونی جیاوازی هەیە**

**کەواتە خەونی تۆ چییە؟**

**دەتوانیت لێرەدا بە راوێژ لەگەڵ خێزانەکەت خەونەکەت بنووسیت:**

ئەگەر داوات لێبکەین،

دەتوانیت لە بارەی خەونەکانتەوە وێنەیەك بکێشیت:

## ئاگاسا کریستی

(1967 – 1890)

چیرۆکنووسـێکی بەریتانییە، کتێبەکانی خاوەنی زۆرترین فرۆشـن لە جیهاندا، کتێبەکانی بۆ زیاتـر لە 100 زمان وەرگێڕدراون. چیرۆکی «کەواتە هیچ کەسـێک نەمایەوە» (And Then There Were None) یەکێکـە لـەو 10 کتێبەی لە مێژوودا زۆرترین جار خوێنراونەتەوە. ئاگاسـا توانیی ئاڵنگاریـی هرزی ملیۆنان خوێنـەر بکات بەهۆی کەسـایەتییە نامۆکان و مەتەڵە ئاڵۆزەکانییەوە، هەروەها بەهـۆی چیرۆکە پڕ لـە پێچاوپێـچ و ئاڵۆگۆڕەکانەوە لە میانەی رووداوەکاندا، هەر ئەمانەش وایان کرد ببێتە شاژنی چیرۆکە پۆلیسییەکان.